www.kurdistannet.org
09/07/2003 02:22

# پشتگیری له داخوازییه‌كانی خوێندكارانی ئێرانی

ئه‌مرۆ **٩-٧-٢٠٠٣** چوار ساڵ به‌سه‌ر سه‌ركوتكردنی خۆپیشاندانه‌كانی قوتابیانی ئێراندا تێده‌په‌ڕێت. له‌كاتێكدا یادی ئه‌م تاوانانه ده‌كرێته‌وه ده‌نگی نارِه‌زایه‌تییه‌كان سه‌رجه‌م ئێرانی گرتۆته‌وه. بانگه‌وازی بروخێ كۆماری ئیسلامی ئێران له گه‌روی هاولاّتیانه‌وه ده‌رده‌چێت.

كۆماری ئیسلامی ئێران له ته‌مه‌نی ده‌سه‌لاّتدارییه‌تی دا جگه له سه‌ركوت و ئیستبداد، كوشت و برِ و ئیعدام، داسه‌پاندنی كۆنه‌په‌رستانه‌ترین یاساو رِێسا هیچی كه‌ی بۆ گه‌لانی ئێران به دیاری نه‌هێناوه. بۆ گه‌لی كوردیش داسه‌پاندنی سته‌می نه‌ته‌وایه‌تی، قرِ كردنی به كۆمه‌ڵ، ئیعدامه ئاشكراكان، هێرش بۆ سه‌ر كوردستان و داگیر كردنه‌وه‌ی، خاپور كردن و هێشتنه‌وه‌ی به دواكه‌وتویی، . . . . . . ئه‌مانه كارنامه‌ی رِه‌شی ئه‌م رِژێمه‌ن.

ئێمه سه‌ره‌رای پشگیری له‌م خۆپیشاندانانه‌ی له لایه‌ن هێزه سیاسییه‌كانه‌وه به‌رپا ده‌كرێت، داواكارین هه‌موو لایه‌ك په‌یوه‌ست بن پێوه‌ی. له هه‌مان كاتدا داواكارین با هه‌موو پێكه‌وه كاری جدی بكه‌ین بۆ به دادگایی گه‌یاندنی ئه‌م رِژێمه له پای تاوانه‌كانیدا.

به‌ڵگه‌ش رِونه له‌سه‌ر تاوانبار بوونی ئه‌م رِژێمه نه‌گریسه. بۆ ئه‌م مه‌به‌سته بانگه‌وازی هه‌موولایه‌ك ده‌كه‌ین بۆ هاوكاری.

**ناوه‌ندی هه‌ڵه‌بجه دژ به ئه‌نفال و جینۆساید كردنی كورد -چاك- نوێنه‌رایه‌تی كوردستانی خۆرهه‌لاّت ٩-٧-٢٠٠٣**

**[www. chak. info](http://www.chak.info)**

كوردستان نێت
www.kurdistannet.org